# حیزبە شیعەکان نفوز و پێگەی خۆیان لەناو جەماوەری ئەو وڵاتە لە بەغدا و لە باشووری عێراق وردە وردە لە دەست دەدەن

## وتووێژی گۆڤاری شەقام لە گەڵ هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە

ڕوونکردنەوە:

ئەم بابەتەب خوارەوە دەقی وتووێژێکی هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادەیە لەگەڵ گۆڤاری شەقام کە لە ڕێکەوتی 2007/11/١٢ و پێش هێرشی تورکیە بۆ کوردستانی عێراق کراوە و لە ژمارە 98ی ئەو گۆڤارەدا لەچاپ دراوە. ئێمە لە بەر گرینگی بابەتەکانی سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەریدا، بڵاوکردنەوەی لە پێشڕەودا بەسوود دەزانین.

**شەقام/** ئێستا خەریکە ئێران دەبێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەمریکا وئێران وچاودێران پێیانوایە نزیك بۆتەوە بۆ لێدانی ئێران، بۆچونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**عەلیزادە/** بە دوای بڵاوبونەوەی راپۆرتی دەزگاکانی زانیاری ئەمریکا، لە سەر وردەکارییەکانی پرۆژەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەری لێدانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە لەچاو جاران گەلێك کەمتریش بۆتەوە. ئەمریکا ئێستا لەهیچ رویە کەوە لە هەلومەرجێکدا نییە کە ئەو شەڕە دەست پێ بکات، یان باشتر بڵێین لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستی بەوە شەڕە نیە، بۆ ئەوەی بتوانین رادەی توندبوونەوەی ناکۆکیەکانی ئێران وئەمریکا بەوردیی هەڵبسەنگێنین و ئەوجار لە سەر ئەگەری لێدانی ئێران پێشبینییەکی وردتر بکەین، پێویستە بزانین ئامانجەکانی دوولایەنی ئەم کێشەیە چین و تاچ رادەیەك ئەو ئامانجانە دەتوانن لە رێگای شەڕەوە بەدیبێن، دەوڵەتی ئەمریکا بەدوای کۆتایی دەورەی شەڕی سارد وهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، فورسەتێکی باشی بۆ هەڵگەوت و لە شەڕی ئازادکردنی کوێت دا لە دەسەڵاتی سەدام جێگا وشوێنی خۆی وەکوو زلهێزی یەکەم لە رووی سەربازیەوە نیشان داودواجار لەشەڕی ئەفغانستان لەشەری رووخانی رژێمی سەدام دا ئەو جێگا وشۆێنەی تەئکید کردەوە. ئێستا و لەکێشەی ئێراندا کاتی ئەوە هاتوە کە بەرهەمی ئەو زەبروزەنگ نواندنەی هەڵگرێتەوە بۆیە شەڕێکی راستەوخۆ بەرادەی ئەوکات پێویست نیە و ئێستا دەیهەوێ لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵاتدار لەو ناوچەیە سازشی پێویست بکا و یان ناچاریان بکا بە سەردانەواندن، دەولەتی ئێرانیش دەیهەوێ وەکو هێزێکی دەسەڵاتدار لەو مەنتەقەیە جێگا

وشوێنێکی جێگەوتووی لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی ناوچەکەدا بۆ بەرەسمی بناسن و ریگەی پێ بدەن بچێتە ناو ریکخراوی بازرگانی جیهانیەوە و بۆ مانەوەی لەسەر حوکم، زەمانەتی پێویستی پێ بدەن.

لەکاتی لێدانی عێراق وجەنگی ئازادکردنی کوەیت لەدەست رژێمی سەدام لەساڵی 1991 و دواجار جەنگی رووخاندنی سە دام لە ساڵی 2003دا ئامانجەکانی ئەمریکا تەنیا دەیتوانی لەرێگای شەڕەوە جێبەجێ بکرێ. سازش و سەردانەواندنی سە دام بەتایبەتی ئەو کات نەیدەتوانی ئامانجەکانی ئەمریکا بەدی بێنی، کەچی ئێستا دەتوانێ وانەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گیروگرفتانەش کە ئێستا ئەمریکا لەعێراق وئەفغانستان لەگەڵی بەرەوڕوە، ئیتر بۆ ئەمریکا بە رپاکردنی شەڕێکی دیکە کە دەتوانێ بە چەندین قات قورستر وپڕ لە زەرەرو زیانتر بێ پێویست نییە، دەوڵەتی ئەمریکا پێویستی بەنمایشدانی زەرفییەتی خۆی لە بەکار هێنانی هێز بۆ کۆتایی هێنان بە سەرەڕۆیی نەیارانی خۆی هەبوو، کە هە ڵبەت ئەوەش جێبەجێ بوو.

ئیمکانی لێدانی ئێران تەنیا لەیەك حاڵەتدا زیاد دەکا، کە ئەویش ئەوکاتەیە کە دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق خۆی بە شکست خواردوو بزانێ، لەم سورەتەدا مەیل بەماجراجوویی لە ناو دەستگای دەوڵەتیی ئەمریکادا بەهێزتر دەبێ.

**شەقام/** تورکیە چاوەڕوانی پەلاماردانی ئێرانە لەلایەن ئەمریکاوە و ئەو کات هێرشەکانی خەستتر دەکات بۆ سەر (PKK)، ئەم مەسەلەیە تا چەند لەکوردستان راستە؟

**عەلیزادە/** هێرشکردنی تورکیە بۆسەر بنکەکانی (pkk) لە کوێستانەکانی قەندیل رووداوێکی تازە نییە، ئەرتەشی تورکیە لە رابردوودا گەلێك جار ئەوکارەی کردوە ( pkk) لە تورکیە لە 1983 تا ئێستا بەردەوامە و بۆتە بەشێك لە واقعیی سیاسی لە تورکیە، گەورە کردنەوە و پڕوپاگەندە کردنی لەو کاتەدا مەبەستی سیاسی تایبەتی تری لەپشتەوەیە، ئەو کێشەیە دەتوانێ هەمیشە بیانویەك بێ بۆ دەست تێوەردانی تورکیە لەکاروباری کوردستانی عێراقدا، بێگومان لەکاتی قوڵتربوونەوەی ئەزمەکە و بەرپابونی شەڕێکی دیکە لەناوچەکە، لەوانەیە دەوڵەتی تورکیەش وەسوەسەبێ کەزیاتر دەست لەکاروباری کوردستانی عێراق بە گشتی وەربدا.

بەڵام ئێستا دەوڵەتی تورکیەش قازانێجك لەلێدانی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە ناکات و بۆ دەستتێوەردانی لە کاروباری کوردستان وعێراقیش ماتڵی هێرشی ئەمریکا بۆ سەرئێران نیە و لەرێگەی جوراجۆرەوە بەردەوام خەریکە.

**شەقام/** گوایە (CIA) نەك حکومەتی ئەمریکا داوای هاوکاریی لە ئێوە کردوە و هاوکاریشی پێشکەش کردوون، هەڵوێستی ئێوە چۆن دەبێت لەم کاتەدا؟

**عەلیزادە/**(CIA) هیچ پەیوەندیەکی بەئێمەوە نەگرتوە، بەحوکمی ئەوەی ئێمە لەناوچەیەکدا چالاکیمان هەیە کە تا رادەیەك سوپای ئەمریکاش حزووری هەیە، ئاساییە ئەگەر فەرماندەیی ئەرتەشی ئەمریکا لەو ناوچەیە هەوڵبدات بزانێ هێزەکانی چە

کداری جێگیر لەو ناوچەیە کێن و ئامانجیان چییە، بەو پێیە لەلایەن فەرماندەیی ئەرتەشی ئەمریکا لەعێراق پەیوەندیش بە ئێمەوە گیراوە، بەڵام ئێمە نە لەگەڵ سوپای ئەمریکاو نە لە گەڵ هیچ دەزگایەکی تری سەر بە دەوڵەتی ئەمریکا، هیچ چە شنە هاوکاریمان نەبوە و هیچ چەشنە یارمەتییەکیشمان پێشکەش نەکراوە و داوای هیچ چەشنە هاوکاریەکمان نەکروە.

**شەقام/** وەزعییەتی عێراق پاش چەند دانیشتنێکی نێوان ئەمریکا وئێران ئارام بۆتەوە، ئەم هاوکێشەیە مانای چییە؟ ئایا درێژە دەکێشێ؟

**عەلیزادە/** هەر لەسەرەتای ساڵەکانی دەیەی نەوەدی زاینییەوە ئێران و ئەمریکا لە عێراق بەردەوام هەم هاوکارییان بوە و هەم کیشە و ناکۆکی، ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە حزبە شیعەکانی عێراقی هاندا پێ بنێنە بواری هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا لەدژی رژێمی سەدام، دوای روخاندنی سەدامیش چەندین حزبە شیعەی عێراق هاوئاهەنگ وهاوکار بوون لەگەڵ ئە مریکا هەر بەو رادەیەش رەزامەندیی کۆماری ئیسلامییان لەسەر بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەوە مەیدانی ململانێیەکی واقعیی بوو، وەرگرتنی ئیمتیاز بوو.

کۆماری ئیسلامی خوازیاری ئەوەیە کە حزبە شیعەکان دەورێکی زۆرتریان لەدەسەڵاتی سیاسی عێراقدا پێبدرێ و پێکهێنانی هاوسەنگییەکی باشتر یارمەتی ئەو حزبانە دەدا، ئەوەی لە کێشەی عێراقدا کۆماری ئیسلامی نیگەران دەکا ئەو واقعییەتەیە کە حیزبە شیعەکان خەریکن نفوز و پێگەی خۆیان لە ناو جەماوەری ئەو وڵاتە لە بەغدا و لە جنوبی عێراق وردە وردە لەدەست دەدەن، چونکە لەراستیدا دەسەڵاتی ئەو حزبانە لەو ناوچانەی جنوب نە توانیویەتی لانیکەمی ژیان و خزمەتگوزاری سەرە تاییان بۆ دیاری بکات و نەلایەنی کەمی ئاسایش لێرەدایە کەکۆماری ئیسلامی هەوڵدەدا لە سەر بناغەی پەرەپێدانی نەفرە تی ئایینی لەنێوان شیعە وسوننیدا، خەڵکی شیعە لە دەوری حزبەکانیان رابگرێ و ژێر بە ژێر هاندەری کاری توندڕەوانەی شیعەکان لە دژی سوننیەکانە، لەو لاشەوە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و ئەلقاعیدە لە وڵاتانی عەرەبییەوە یارمەتی دەدرێن هەر بەهەمان مەبەست ئەو دوژمنایەتییە بەردەوام قوڵتر دەکەنەوە.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی بییەوێ رادەی زەختی ئەمریکا لەسەر خۆی کەمکاتەوە ڕێگایەکی نییە غەیری ئەوەی کە هاندە ری حزبە شیعەکانی عێراق بێ بۆ ئەوەی کە بە بەشێکی کەمتر لە دەسەڵات لەو وڵاتە رازی بن.

بواری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری عێراق بێ سنورنیە بەڵام بۆ بەشەکەی خۆی سەرئەنجام ناچارە لەگەڵ ئە مریکا بسازێ و وردە وردە خەریکە ئەو رەوتە دەگرێتە بەر.

**شەقام/** پژاک دەیهەوێ رۆڵی تاکە حزبی چەکداری کوردستانی ئێران بگێڕێ وئەمریکاش هاوکاری دەکات، ئایا پژاك هێزێکی جەماوەرییە ومەترسی دروستناکات لەسەر رۆڵی ئێوە؟

**عەلیزادە/** لێرەدا دوو مەسەلەی جیاواز هەیە، یەکیان ئەوەی کەحزبێکی سیاسی تازە پێ بنێتە سەرگۆڕەپانی خەباتی سیاسی لەکوردستانی ئێران، کە پژاك یەکێك لەوانە ئەمە روداوێکی گەلێك ئاساییە، دڵنیابن کە بە هەلگردنی چکۆڵەترین شنەبای دیموکراسی لەکوردستان گەلێك حزبی سیاسی دیکەش سەر هەڵدەدەن بەڵام خاڵی دووەم ئەوەیە کە لە روانگەی ئێمەوە چالاکیی چەکداری ئێستای پژاك لەسەر سنوورەکان، حەرەکەتێکی رەسەن نییە و زیان بە بەرژەوەندیی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران دەگەیەنێ.

(کۆمەڵە) خاوەنی پێگەی بەهێزی کۆمەلایەتی خۆیەتی وهێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لەم بابەتەوە نەیانتوانیوە مەترسی بۆ دروستکەن و بۆ پژاکیش لام وایە هەروا دەبێ.

**شەقام/** پەرش وبڵاوترین ئۆپۆزسیۆنی کوردی، لەکوردستانی خۆرهەلاتە و هەمیشە باس لەبەرەی کوردستانی دەکرێت، گە چی لە عەمەلەدا هیچی بۆ ناکەن، بۆچی؟

**عەلیزادە/** بوونی چەندین رێکخراو لە نێو کۆمەلگایەکدا و لەنێو بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتیدا گەلێك ئاساییە، کوردستانیش وە کو هەر کۆمەلگایەکی دیکە چین و توێژی جیاوازو بەرژەوەندی جیاواز، مەیل وبۆچونی سیاسی جیاوازی تێدایە، ئەگەر نە بونی دیموکراسی بۆ چالاکی سیاسی و یا نەبوونی کەشوهەوای لەبار بۆ گەشەکردنی رێکخراوە مەدەنییەکان، بەهۆی زاڵبوونی سیستەمێکی دیکتاتۆریی بەسەر ئەو وڵاتەدا رێگای نەداوە کە ئەو کۆمەلگایە بە رەوتێکی وەهادا بڕوا، بەمانای ئە وە نییە کەگوایا وەها حەرەکەتێك بۆ کۆمەلگای کوردستانیش پێویست نییە.

هەڵبەت ئەو وتەیە بەو مانایە نییە کە گوایا لەبەریەك ترازانی هەرحزبێك ئەمڕۆ لەکوردستانی ئێراندا دەقاودەق رەنگدانەوەی ئەو پێویستییە کە باسم کرد، بگرە زۆربەی ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ لەنێو حزبەکاندا روودەدا بەهۆی بێ ئاسۆیی سیاسی و بێ ئاکام مانەوەی ئەو سیاسەتانەیە کەگرتویانەتە بەر، هەڵبەت پێویستە کێشەی هەرکامیشیان لێك بدرێتەوە و تایبەتمەندیە کانی بناسرێ.

ئەوەی ئێستا بۆ کۆمەلگای کوردستان گرنگە جێکەوتنی سەرەتایی ئازادی بێ مەرجی هەڵسووڕانی سیاسییە بۆ هەمووان، بەڵێنیدان بەکۆمەلگایەکە کەهیچ هێزیك بۆی نەبێ لەدژی نەیارانی سیاسی خۆی لەناو ئۆپۆزسیۆندا چەك وتوندوتیژی بە کار بێنی، هیچ بۆی نابێ لەگەڵ رژیمی دەسەلاتەدار لەدژی ئەم هێز و ئەو هێز بسازێ وهاودەستی رژێم بکا، ئەگەر ئەو هەلومەرجە دابین بێ کۆمەلگای کوردستان لەفرەحزبی بوون نەك هەر زیانێك نابینێ بەڵکو بەرەوپێشیش دەڕوا.

ئەوەی کە بۆچی بەرەی کوردستانی پێك نایە، یەك هۆکاری سەرەکی و چەندین هۆکاری لاوەکی هەیە، هۆکارە سەرەکییەکە جیاوازی لە رێبازێك دایە کە هەرکام لەو حزبانە تەنانەت لە پێناوی خەبات لە دژی ستەمی نەتەوایەتی کە دەتوانێ ئە نجامێکی کەم وزۆر هاوبەش بێ، گرتویانەتە بەر، ئەگەر لەسەر ئەم رێبازەی کەپێویستە هەمووان پێکەوە پێیدا بڕۆن رێککە وتن نەبێ، پێکهێنانی بەرە ئیمکانی نییە.

دەکرێ کێشە لەسەر ئامانجی دوورتر دابنێین بۆ ئەو کاتەی کە سەرکەوتن بەدەست بێ، بەڵام ناکرێ چەند هێز یەکگرتوو بن کەچی لەیەکەم هەنگاویاندا هەریەکەی بەرێگایەکدا بڕۆن، بۆ وێنە لە کاتێکدا کە هێزێك تەقینەوە بکا لە شارەکانی کوردستان یان لەسەر سنوورەکان جموجوڵی چەکدارانە بکا، هێزێکی دیکە ئەو ستراتیژو تاکتیکە بە زیانی خەڵکی کوردستان هەڵبسەنگێنێ، ئەمانە چۆن رێك بکەون؟ یان هێزێك پێیوابێ دەبێ خۆی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکەدا رێکبخا وبچێتە ناوبەرەی چەند رێکخراوێکی گومان لێکراوی بێ ریشە، بۆ ئەوەی بەخەیاڵی خۆی هەلومەرجی گونجاوی لە ئاکامی سیاسەتی ئەمریکادا بۆ بخوڵقێ و هێزێکی تر بە ئەو سیاسەت و بۆچوونەبێ، ئەمانە چۆن دەکرێ لەناو بەرەیەکدا کۆببنەوە؟

جگە لەوە چەندین هۆکاری لاوەکی هەیە وەکو روحیەی پاوانخوازیی، پێشخستنی بەرژەوەندی حزبی وشەخسی بەسەر بەرژەوەندی جەماوەریدا، بەرەسمی نەناسینی ئەو مەرجانەی لەمەڕ ئازادی دەست نەبردن بۆ چەك لەکێشە ناوخۆییەکاندا، دەست لەناو دەستی دوژمناندا بۆ لاواز کردنی نەیارانی سیاسی ئەمانە هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەك و رێگا نادەن کە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەرامبەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی، لەبەرەیەکدا کۆببنەوە.

**شەقام/** لە هەمانکاتدا زۆرترین ئینشعاب لەنێو ئۆپوزیسیونی کوردستانی ئێراندایە، هۆکارەکانی چییە و تا چەند ئۆپۆزیسیۆن بێ هێز دەکات؟

**عەلیزادە/** ئەگەر سەرچاوەی ئینشعاب جیاوازی لە بەرنامە و ستراتێژی سیاسیدا بێ، ئەگەر ئینشعابەکان بە شێوەی شارستانیە و بە بێ توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی یەکتر و پێشێلکردنی رێککەوتنەکان بەڕێوە بچێ بە پێی قاعیدە نابێت کەس پێی سەغڵەت بێ، بەڵام ئەگەر جیابوونەوە بە بێ ناوەرۆکی سیاسی لەسەر کێشەی شەخسی و دەسەڵاتی ئەم و ئەو بێ، یان لەسەر پێشێلکردنی دیموکراسی ناوخۆی حیزبی، گەندەڵی دارایی و شتی تری لەو چەشنە بێ، ئەوە بە مانای ئەوە یەکە حیزب نەك وەك رێکخراوەیەکی سیاسی کە دەبێ لە سەر ئەساسی بەرنامە و رێباز و ستراتیژ هەڵبسەنگێندرێ بەڵکوو وەك شەریکەیەکی بازرگانی چاوی لێکراوە و کاری کردوە ئەم جۆرە حیزبانە خۆیان بە بەرپرس و نازانن و لە ئینشعابەکانیاندا قسەیەك لە مافی جەماوەرێك کە سیاسەتەکانی ئەو حزبە کە کار دەکاتە سەر رەوتی ژیان و خەباتیان نییە کاتێك کە مافی ئەندامەکانیشیان باش ناپارێزن ئیتر جیابوونەوە رودەدات، بەڵێ کۆمەڵگای کوردستان لەم جۆرە حزبایەتیە زیان دەبینێ.

**شەقام/** ئایا کوردەکانی ئێران تا ئێستاش دەکرێ وەکو بەهێزترین ئۆپۆزیسیونی ناو ئێران بناسرێن یان رێکخراوی تریش هەن؟

**عەلیزادە/** جیاوازی لەنێوان کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران پێش ئەوەیکە لە هەبوونی ئەم یان ئەو رێکخراوەدا ببیندرێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێ بەدی بکرێ، بۆ وێنە ئەگەر لە کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتی رژێمی

ئیسلامی موقاومەت هەیە لە ئاستی سەراسەریشدا شاهیدی بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان، خوێندکارانی زانکۆکان کە بە تایبە ت لە چەند ساڵی رابردوودا پەرەیان ئەستاندوە، هەڵسەنگاندنی رادەی چالاکیی ئەم حزب و ئەو حزب لە هەلومەرجی نەبوونی ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی لەو وڵاتێکدا و دیاریکردنی جێگا و شوێنی واقعیی ئەوان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوانە بە تێڕادیوی دەتوانم بڵێم کە لە سەرتاسەری ئێران بە کوردستانیشەوە کاریگەری باڵی چەپ و سۆسیالیستیی ئۆپۆزیسیۆن بەسەر نارەزایەتیەکان و خەباتی جەماوەریدا لە هەر لایەنێکی دیکە بەرچاوترە.

**شەقام/** بەریتانیا رێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی لە لیستی تیرۆردا دەرهێنا، مەبەست لەمە چییە دەیانهەوێ رۆڵی پێبدەنەوە یان بۆچی؟ ئێوە تاچەند ئامادەن ئەگەر ئەمریکا داوابکات هاوکاریی موجاهیدین بکەن یان بەرەیەکی ئێرانی پێکبێنن؟

**عەلیزادە/** موجاهیدینی خەڵك رێکخراوێکی سیاسی مەزهەبییە بە بڕوای من لە هەلومەرجێکی شۆرشگێڕانەدا لە داهاتووی ئێران هیچ رێکخراوێکی مەزهەبی لە سەر ئەساسی پشتگیری جەماوەر شانسی گەورە بوونەوە و بەهێز بوون و گەورەبوون و نزیك بوونەوەی لە دەسەڵات نییە. لە حاڵێکدا بەریتانیا و ئەمریکا و نە هیچکام لە دەوڵەتی رۆژئاوا سیاسەتی خۆیان لەسەر ئەساسی گۆڕانکارییەکی رادیکاڵ و بەهێزی جەماوەر دانەمەزراندوە، لە هەمانکاتدا لام وانییە کە بیانهەوێ رۆڵێکی گرینگ بەم رێکخراوەیەش بدەن، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدین و هەڵگرتنی باری تیرۆریستی لە سەریان بەشێکە لە فشاری سیاسی کە دەیهێنن بۆ رژێمی ئێران و بەهیچ جۆرێك مانای ئەوە نییە کە حیسابێکی تایبەتیان بۆ دەسەڵاتی داهاتووی موجاهیدین کردبێتەوە.

**شەقام/** دواین و سادەترین هەڵوێستی حزبەکەی ئێوە چییە لەسەر ئەم سیناریۆیانە؟

**عەلیزادە/** ئێمە دژ بەهەر چەشنە ئاڵترناتیو سازکردن و پێکهێنانی بەرەی دەسکردی ئەمریکا و هەر زلهێزێکی گەورەی دیکە ین و لامان وایە کە جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز لە ئێران بەهێزی خۆیان دەتوانن رزگار بن و خۆیان تەنیا سەرچاوەی دەسە ڵاتێکن کە دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە ژیانی داهاتوویاندا پێکبێنێ.

***